# ئاماژە جەستەییەکان لە شیعری نالیدا

م. ی تاڤگە عمر حمەصالّح

زانکۆی ڕاپەرین /کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

الملخص:

يستطيع الانسان نقل مجموعه كبيرة من المعلومات عن طريق التواصل غير اللسانى، ويتم ذلك عن طريق الاشارات: أى عن طريق لغة الجسد و تغير نغمات الكلمات و ألاصوات ذات المعانى مثل (الضحک و البكاء....) و ان لغة الجسد جزء من علم اللغة النفسى كما ان بعض هذه التعبيرات من وراءها قصد وان بعضها الاخر من دون قصد. ومن الملاحظ أن التعبير عن طريق لغة الجسد أصدق من استعمال اللغة المنطوقة. وللغة الجسد دور فعال فى لغة الكتابة و خصوصا فى لغة الشعر، وفى القصائد الغزلية نرى ذلک بشكل ملحوظ حيث استخدمه الشعراء لغرض تزيين أشعارهم ووسيلة لجذب القارىء. وقد لجأ نالى الى استخدام لغة الجسد و برع فية، لذلک حاولت فى هذا البحث عرض الاشارات المستخدمة لدى الشاعر و المعانى الموجودة وراءها حيث ان عنوان البحث هو(الاشارات الجسدية فى أشعار نالى) و حاولنا خلالها اظهار لغة الجسد. ومن الجدير بالذكر ان المنهج المتبع فى البحث هو (وصفى تحليلى) و طبق على نماذج للشاعر و من ثم تم تحليلها. ولأجل تكملة فكرة البحث قسمنا البحث الى مبحثين، فى المبحث الاول تم عرض عملية التوصيل و عناصرها، و انواع الايصال و اللغة الشعرية و دور لغة الجسد فى الشعر، و فى المحور الثانى تحدثت عن الاشعارات الجسدية لدى نالى و فى البداية أشارات متعددة، ثم الانتقال الى التى وضحت معانيها عن طريق( الضحک، و الابتسامة، و البكاء....)و اخيرا فقد تم عرض النتائج و المصادر و المرجع.

**پێشەکی:** ڕۆڵی زمانی جەستە کەمتر نییە لە زمانی ئاخاوتن، بۆیە گرنگی تایبەتی هەیە و ئەم لایەنە لە شیعری شاعیران ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەتی لە شیعرە غەزەلییەکانیاندا زۆر بە جوانی زانایی و لیهاتوویی خۆیان دەرخستووە. نالیش یەکێکە لەو شاعیرانەی بەسەرکەوتووانە لەم بوارە چەندین شیعر و هۆنراوەی هەیە، کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەسپی خۆی تاوداوە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە**: بریتییە لە (ئاماژە جەستەییەکان لە شیعرەکانی نالیدا) و هەوڵدراوە زمانی جەستە لە شیعرەکانی نالیدا بەرجەستە بکرێت.

**ڕێبازەی لێکۆڵینەوەکە** (وەسفی شیکارییە) و نموونەکانیش لە شیعرەکانی شاعیر وەرگیراون و شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدراوە.

توێژینەوەکە لە دووبەش پێك دێت: لە بەشی یەکەم کردەی گەیاندن و ڕەگەزەکانی کردەی گەیاندن، و جۆرەکانی پەیوەندیکردن و پاشان زمانی شیعری ئەنجا زمانی جەستە لە شیعردا خراوەتە ڕوو، لە بەشی دووەمیش: باس لە ئاماژە جەستەییەکان لای نالی کراوە، سەرەتا ئەوانەی یەك ئاماژە بە یەك ئەندام دەکەن پاشان ئەو دێرانەی زیاترلە ئەندامێك بەکاردێنێت ئینجا ئەوانەی بەهۆی دەنگەکانی وەکو (پێکەنین و خەندە و گریان..)واتاکانیان ڕوونکراتەوە. لەکۆتایش ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوە خراوەتە ڕوو.

**كردەی گەیاندن لە زماندا :-**

زاراوەی پەیوەندیکردن(Communication)دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (communes)ی لاتینی،کەبەواتای (هاوبەش)یا(گشتی)دێت.بەم شێوەیە پێوەندی کردن پرۆسەی هاوبەشی کردن یاتێگەیشتن لەبارەی شتێ یابیرۆکە و هەست و ئاراستەو ڕەفتارێ یاکردارێ دەگرێتەوە.(حسن مکاوی:٢٠٠٥: ٢١)سیستەمی گەیاندن لەزمانی مرۆڤدا کردەیەکی ئالۆزە و پێویستی بە چەند پاژەیەك دەبیت، بۆ ئەوەی تێگەیشتن بێتە ئەنجام.(عبدالواحد مشیر:٢٠٠٥:٥٣)

وشەی( هاوبەش)هەموو ئەم بیرو هەست و زانیاری و شارەزاییانە دەگرێتەوە ، کەقسەکەر و گوێگر لەسەری ڕێککەوتوون. زمانی هاوبەش (گوتەیی و ناگوتەیی)زانیاری و شارەزایی لە کەلتوری هاوبەش خاڵی سەرەکی پێوەندی کردنی سەرکەوتوەو بنەمای تێگەیشتنە.

لەلایەکی تریشەوە پرۆسەی بە ڕەمزکردن، واتە نێرەر لە پرۆسەی گەیاندندا پشت بە ڕەمز دەبەستێت بۆ گوزارشتکردن لە واتا، لەهەمان کاتدا وەرگر ڕەمزەکانی پەیامەکە بۆ ئاشکراکردنی واتاکانیان شیبان دەکاتەوە. ئەم ڕەمزانەش بەرامبەر شتێك یان واتایەك دانراون، بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەك هەبێت لە نێوان ڕەمزەکەو ئەو شتەی بۆی دانراوە . ئەو رەمزانەش هەندێکیان گوتەیین وەکو وشە چاپکراوەکان ، هەندێکیتریشیان لە ڕێگای نمایشەوەن، وەکو ئاماژەو جوولەی دەست و دەم و چاو....هتد.

(پەیوەندیکردن بەر لەهەرشتێ پڕۆسەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی تایبەت بەمرۆڤە ،وەك زانستیش لێکۆلینەوەیە لەگۆڕینەوەی واتا لەنیوان تاکەکانی کۆمەڵ لەریگەی دەستەیەکی هاوبەش لەڕەمز).(عصام الموسی :٢٠٠٣: ١٣) بەهۆی بوونی سیستەمێکی پێوەندی کردن کەبریتییە لەزمان .زمان لەپێوەندی کردن زمانی گوتەیی و ناگوتەیی دەگرێتەوە بەم پێیە هەر دەنگ و ئاماژەو جولەیەك یا هەر شتێك ،کەهەڵگری واتا بێت بەئامێری پێوەندی کردن دادەنرێت.

**ڕەگەزەکانی پێوەندی کردن لەپێوەندی کەسی دا:-**

**١- قسەکەر (نێرەر)(Speaker)**

هەڵگری واتاو مەبەستە شاراوەکانی پەیامە. (ئەو کەسەیە، کە هەڵدەستێت بەئاراستەکردنی پەیام بۆ کەسێك یان چەند کەسێك).(شیلان عوسمان:٢٠٠٨: ٣٣) قسەکەر بۆئەوەی مەبەست بپێکێ پێویستە ڕەچاوی کەسایەتی گوێگر لەرووی تەمەن ، ڕەگەزو پێگەی کۆمەڵایەتی بکات،هەروەها ڕەچاوی کات و بارودۆخی قسەکردن بکات.

قسەکەر ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی پێوەندی کردنەو پێگەی باڵای هەیە ،چونکە دەتوانی کاریگەری کارا دروست بکات. هەروەها قسەکەر بەهۆی توانستی زمانی خۆی هەردوو جۆری پێوەندی کردن: گوتەیی و ناگوتەیی بەکاردەهێنێت بۆئاڕاستەکردنی پەیام .

**٢- وەرگر (Receiver)**

وەرگر ئەو کەسەیە کە وروژێنەرەکە وەردەگرێت، لە ڕێگای(چاو) و (گوێ)و لەمێشکداشیبان دەکاتەوە، جا ئەگەر پەیامەکە ڕاستەوخۆ و ئاسان بوو، ئەوا خێرا تێی دەگات، ئەگەر ناراستەوخۆش بوو،ئەوا ئەرکی مێشك قورستر دەبێت پێویستی بە تێگەیشتنی قووڵ دەبێت کە زۆرگرانەو لەوانەشە ئەستەم بێت.(ڕوی.سی.هیجمان:١٩٨٩: ١٧٢). وەرگر ئەو کەسەیە پەیامەکە وەردەگرێت، لەوانەیە ئەو وەرگرە تاکە کەسێك یان کۆمەڵێك یان جەماوەرێك بێت وەرگرتنەکەش بەهۆی بیستن یان بینینەوە دەبێت.(ئازاد ڕەمەزان:٢٠٠٥: ٥٢).

**٣- پەیام: message**

نامەی (نێرەر) ە بۆ وەرگر کە هەڵگری واتاو مەبەستێکە.(عبدالواحد مشیر:٢٠٠٥) واتە زانیاری و بیرو هەستە، کە قسەکەر هەڵدەستێ بەگواستنەوەی بۆ گوێگر لەرێگەی هێما، کەدەشێ دەنگی بێت وەکو قسە ،یا وێنەیی بێت وەك نوسین یا جولە و ئاماژەو ڕەنگ یا تێکەڵی هەموو ئەم پێکهاتانە بێت (صالح ابو اصبع:١٩٩٩: ١٢) گوێگرو بارودۆخی قسەکەر کاریگەری هەیە لەسەر ئەو پەیامەی دەری دەبڕێت، هەمیشە هەوڵدەدرێت پەیام لەئاستی گوێگرو قسەکەر دابێت بۆئەوەی کاردانەوە ڕووبدات.

پەیام زانیاری زۆر لەبارەی قسەکەر ڕوون دەکاتەوە بەجۆرێك لەرێگەی پەیامەوە دەتوانرێت خۆشەویستی و رق و کینە و بیروراو مەبەست و شوێن و پێگەو تەمەن و ڕەگەزی قسەکەر تا ڕادەیەکی باش بزانی ، هەروەها دەشێت تاکە پەیامێك هەڵگری چەند مەبەستێك بێت ،کەلەویست و مەبەستی قسەکەرەوە سەرچاوە دەگرێ بەنەبوونی پەیام یا نەگوێزانەوەی پەیام لەنێوان قسەکەرو گوێگر هیچ پێوەندیەك ئەنجام نەدراوە چونکە بەنەبوونی پەیام کاردانەوەش نابێت.(شیلان عوسمان:٢٠٠٨: ٣٦)

**٤-کۆد: Code**

ئەو فاکتەرە ڕەمزیەیە ،کەوەك هەڵگرو گوێزەرەوەی واتاو زانیاریەکان کاردەکات. کۆد ڕەگەزێکی گرنگی پرۆسەی پێوەندی کردنە، ئەم کۆدەش بەهەموو شێوەکانیەوە لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دی لە ولاتێك بۆ وڵاتێکی دی و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری فکری کۆدەکە دەگۆڕێت. کۆدی هاوبەش لەنێوان تاکەکان دەبێتە هۆی دروستکردن وگواستنەوەی کاریگەرییەکان لەبەر ئەوەی هەڵگری بەها مرۆییەکانە.

**٥- ژاوەژاو: noise**

ژاوەژاو،بریتییەلە هەر پێکداچوونێک، کەببێتە بەربەست یاکاریگەری خراپی هەبێت لەسەر پرۆسەی پێوەندی کردن،(صالح ابو اصبع:١٩٩٩: ٢٩)(یا هەرشتێ کەروونکردنەوەی پەیام کەم کاتەوە) کەواتە هەر بەستێک،کە کار لەتەوەرەی پێوەندی کردن بکات یا ببێتە بەربەست لەگەیشتنی پەیام و کاردانەوەی پەیام بەشێوەیەکی دروست بە ژاوەژاو ناودەبرێت.

**٦- کەناڵ:**

کەناڵ هۆی گەیاندنە لە نێوان (نێرەر و وەرگر)دا. سیستەمی گەیاندن کاتێك سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر وەرگر لەمەبەستی (نێرەر) بگات و (نێرەران)شارەزایی کەلتوری یەك بن و پەیامەکەیان ڕاستەوخۆ و مەبەست داربن و تەم و مژاوی نەبێت. (هەموو

پەیامێك لە ڕێگای هۆكارێكەوە دەگوازرێتەوە، لەپەیوەندی كەسی دا بەهۆی زاراوە دەگوازرێتەوە ، لەباری پەیوەندیكردنی جەماوەری بەهۆی كتێب یا گۆڤار یا ڕۆژنامە یا ڕادیۆ یا تەلەفزیۆن یا سینەماوە دەگوازرێتەوە). (ئازاد ڕەمەزان:٢٠٠٥: ٥٤)

**پرۆسەی پەیوەندیكردن لە زمانی شیعردا:-**

پرۆسەی پەیوەندیكردن لە زمانی مرۆڤدا كردەیەكی ئاڵۆزە و پێویستی بەچەند پاژەیەك دەبێت،بۆئەوەی تێگەیشتن بێتە ئەنجام .سەرەتا(نێرەر)بیرێكی لا دروست دەبێت ،دوای ورووژێنەرێك ،ئەنجا وەریدەگێرێتە سەر هێمایەك كە لەلای (وەرگر) واتای روونە و پێی ئاشنایە،ئەویش بە گوێرەی پێویست لێكیدەداتەوەو تێگەیشتن ڕوودەدات (عبدالواحد مشیر:٢٠٠٥: ٥٣-٥٢)

كردەی گەیاندن واتە گواستنەوەی زانیاری لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر، كاتێك گەیاندن ڕوودەدات بەشەكانی بەرپرسن لەكردەی گەیاندن دەوریان هەیە لە سیستەم گەیاندن. هەرچەندە سیما سەرەكییەكانی ئەم بەشانە جیاوازن لە سیستەمێكەوە بۆ سیستەمێكیتر. هەموو كردەیەكی گەیاندن دەبێت نێرەر و وەرگرێكی هەبێتن، كە زانیاری لە نێوانیان دەگوازرێتەوە. دەبێت وەرگر ئاشكرا بێت لە نێرەر لە لایەنی كاتی یاخود شوێنی یان هەردووكیان. و دەبێت نێوانێك هەبێت لەنێوان نێرەر و وەرگر. هەروەها ناوەندەكە دەبێت گونجاو بێت بۆ سروشتی ناردنەكە.(موفق حمدانی: ١٩٨٢: ٣٢)كەواتە پێوەندیكردن ئەو پرۆسە ئاڵۆزەیە، كە بەبێ زمان ئەنجام نادرێت، جا ئەو زمانە زمانی نوسراو یا گوتراو گوتەیی و ناگوتەیی بێت.

هەر گوزارشتێك ئەگەر نەچێتە پرۆسەی پەیوەندیكردنەوە كارانابێت و كاریگەری دروست نابێت (ئەركی پەیوەندیكردن سەرچاوەی هەموو ئەركەكانی تری زمانە ،ئەگەر بێت و لە ئەركە جیا جیاكانی زمان وردبینەوە،دەبینین پێوەندیكردن هاوبەشی هەموو ئەركەكانی ترە و زمانیش ڕۆڵی باڵای تێدا دەگێڕێ .(ئازاد ڕەمەزان علی:٢٠٠٥: ٦٣). كەواتە دەتوانین بڵێین پێوەندیكردن،بریتییە لەگواستنەوەی بیرو ڕا و زانیاری و هەست و سۆز و كاریگەری دروستكردن لە وەرگرانی لەڕێگەی زمانی هاوبەش لەنیوان بەشداربوان.زمان پێوەندیەكانی تاك ڕێكدەخات و كارەكانی ئاسان دەكات هەر ئەمەشە هانی دەدات،كە هەمیشە حەز بكات لەگەڵ ئەو كەسانە پەیوەندی بكات ، كە لەزمانی تێدەگەن و لە زمانیان تێدەگات.

زمان لە بەكارهێنانی ڕۆژانەی مرۆڤ، وەك كەرەسەیەك بۆ تەواوكردنی گەیاندن لە نێوانی و دەوروبەرەكەی بەكاریدەهێنێت. لە ڕاستی دا هەر بۆ گەیاندن نییە، بەڵكو ئەركی تری هەیە، بەڵام كردەی گەیاندن ئەركی سەرەكی زمانە. بەواتای گشتی گواستنەوەی واتاكانە بۆ نیشانەی دەنگی.(نسیم عون: ٢٠٠٥: ٦٦)

**جۆرەكانی پەیوەندیكردن:**

پەیوەندیكردن تەنها ئەركێكی بایلۆجی نییە، كە مرۆڤ جێ بەجێی دەكات، هەروەك چۆن ئەركەكانی تر جێ بەجێ دەكات. ئەو هۆكارانەی پرۆسەی پەیوەندیكردن بەڕێوە دەبات دووجۆرە بە شێوەی گوتەیی و ناگوتەیی. كە هێماو ڕەمزە هاوبەشەكانی نێو كۆمەڵگایە، كە بە گوێرەی كۆمەڵگاكان گۆڕانیان بەسەر دێت. ئێمە تەنیا بە زمانی گۆكراو پەیوەندی ناكەین، بەڵكو لە ڕێگای چەند كردەوەیەكیش پەیوەندیدەكەین. بۆ نموونە زۆر جار دەڵێین (ئەو شێوازەی فلان كەس قسەی پێدەكات وای لێكردم هەست بەم شتە بكەم) واتە پلەی دەنگ و شێوەی ڕوخساری، یان گرژبوونی هەندێك لە ئەندامانی جەستەی...هتد، هەروەها قسەكردنیش بە گوێرەی هێز و ئاوازە و ئاماژەكانی جەستەی مرۆڤ واتایەكی جیا لەو واتایە دەدات ،كە وشەكان هەڵیانگرتووە. ئێمە لە كاتی قسەكردندا لەگەڵ كەسی بەرانبەرمان زۆر جار، كە وەسفی دەكەین و دەڵێین (پیاوانەیە یان سارد و سڕە یان كچانەیە یان هەر جۆرێ لەم سیفاتانە)، یان تێگەیشتن بەهۆی( پێكەنین، خۆ گرژكردن، ڕوخسار بەیەكدادان، جولەی سەر،

باوەش بە یەکتردادان...) یاخود لە ڕێگەی چەند هۆکارێکی ترەوە پەیوەندی دەکەین وەکو جۆر و مۆدەی جل و بەرگ و سەیارە و...هتد.

**1 - پەیوەندیکردنی گوتەیی( هێما زمانییەکان):**

ئەم جۆرەیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە ڕوو دەدات، واتە بۆ گواستنەوەی پەیام پێویستمان بە دەربڕینە زمانییەکان دەبێت، کە بەشێوەی دەنگ یاخود نوسینەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر، ئەویش لەگەڵ فەرهەنگی مێشکی بەراوردی دەکات تاکو لە مەبەست و پەیامەکە بگات. ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە پشت دەبەستێت بە یاساکانی زمان بۆ دەربڕینەکان و تاك لە ژیانی ڕۆژانەی بە زۆری پشت بەم جۆرە پەیوەندیکردنە دەبەستێت ، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێجار بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی پشت بە پەیوەندی نا گوتەیی دەبەستێت.

ئەم پەیوەندیکردنە کە لە ڕێگای دەنگەکانەوە ئەنجام دەدرێت، کەواتە لە ڕێگەی وشەی گۆکراوە و بریتییە لە کۆمەڵێك ڕەمز، کە دەربڕی هەڵوێستێکن لە پەیوەندیکردندا. مەرجی بوونی نێرەر و وەرگر پێویستە، واتە پەیامە دەنگییەکە لە دەمی نێرەرەوە بۆ گوێی گوێگر دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیکردنەکە بە شێوەیەکی ڕاست ئەنجام بدرێت و کرداری وەرگرتن و تێگەیشتنەکە ڕووبدات. پەیوەندیکردنی دەنگی بە یەکێك لە تایبەتمەندییە نایابەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە دەکرێ وشەکان بە کۆمەڵێك واتا باربکەین. ئەمەش بە توانایەکی مرۆڤی دادەنرێت لە بواری پەیوەندیکردندا وشەکانیش یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ ئەوەی بە وردی و بە ڕوونی گوزارشت لە بیرە ئاڵۆزەکانیان بکەن، هەروەها یارمەتی گواستنەوەی بیر و بۆچوون و هەست و سۆز دەدەن.(شنە ابوبکر، ٢٠٠١، ١٩)

**٢/ پەیوەندی ناگوتەیی (هێمای نازمانی):**

بریتییە لە گواستنەوەی پەیام بێ ئەوەی زمانی(زار دەنگی) بەکار بهێنرێت، واتە وشە و دەنگ تیایدا بەکارناهێنرێت، بەڵکو پەنا دەبرێتە بەر شێوازی ئاماژە و هێماکاری و زمانی چاو و جەستە، کە دوور لە دەربڕینی زمانی کار دەکات. (پەیوەندی نا گوتەیی لە ڕووی مێژووییەوە لە زمانی گۆکراو و زمانی نوسراو کۆنترە، بنچینەی دروست بوونی زمانە، هەموو ئەو پرۆسانەی لەیەکگەیشتن دەگرێتەوە، کە ناکرێ بە نووسین یا بە قسەکردن دەربڕێت. گوێگر لەم جۆرە پەیوەندیکردنە بە زۆری پشت دەبەستێت بە هەستی بینین و شیکردنەوەی بە یاسا کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان).( شیلان عوسمان، ٢٠٠٩، ١١)ئەو نیشانەو هێما نازمانیانە دەگرێتەوە، کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون وەك جوڵەی جەستە. ئەمانەش هۆکارێکن بۆ گواستنەوەی ئەوەی لە ناخدایە بۆ بەرانبەرەکەت بێ ئەوەی هێما زمانییەکان بەکار بێنین، کەواتە هێما نازمانییەکان بریتیین لە ئاماژە و هێما و سیمای دەموچاو و جوڵەی جەستە....هتد. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك هەستی جیاوازین، لە ڕێگای ئەم هەستە جیاوازانەوە دەتوانین بیستن و بینین و بۆنکردن ئەنجام بدەین. ئەم فرە هەستییە وامان لێدەکات کۆدە ئاڕاستەکراوەکان وەرگرین، ئەگەر کۆدی دەنگیش نەبن)( ڕێبین ڕەسول، ٢٠٠٤، ٢٠٢) چونکە مرۆڤ زۆرجار لەگەڵ بەکارهێنانی هێما دەنگییەکان پەنا دەباتە بەر هێما نا دەنگییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکان، واتە بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی و گەیشتنی پەیام بە دروستی پەنا بۆ بەر زمانی جەستە دەبات، چونکە بێ بەکارهێنانی زمانی جەستە هەندێجار پەیامەکە بە ناتەواوی و نا ڕوونی دەگات.

**•زمانی شیعر:**

شیعر زمانێکی خوازراوە و پڕە لەهەست و سۆز و ئاخاوتن لەگەڵ ویژدانی مرۆڤ دەکات بە مەبەستی کاریگەرکردنە سەری. شاعیران مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ وشە دەکەن و بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاریناهێنن، بەڵکو بەجۆرێك بەکاریدێنن، کە جۆرە

ئەفسونێك ببەخشێت. شاعیر جۆرە ئازادییەكی هەیە لە بەكارهێنانی وشەكان بۆ كەسێكی تر نابێت و ڕێگە پێدراو نییە. زمان لە شیعردا گرنگییەكی زۆری پێدەدرێت، چونكە ئەدەب بەهۆی زمانەوە بونیاد دەنرێت و داهێنانی تیا دەكرێت، واتە زمان كەرەستەی سەرەكی پێكهاتنی شیعرە. پەیوەندییەكانی دونیای دەرەوە و ناوەوە بەرێوەدەبات، هەر ئەمەش وایكردووە، كە زمانی شیعر گوزارشتكەر بێت. بۆیە وشە و زاراوەكانی شاعیر هێماو نیشانە دەنوێنن و پێویستیان بە ڕاڤە و گونجاندن هەیە.

بونی ئەو پەیوەندییە بەناویەكدا چووەی نیوان زمان و دەروونی مرۆڤ ئەوەمان بۆ دەردەخات بۆچی زمانی شیعر حالەتیكی چەسپاو و نەگۆر وەرناگریت و هەمیشە لە گۆرانیكی بەردەوامدا دەبیت، چونكە بە پیی گۆڕانی باری دەروونی شاعیر دەربرینە شیعرییەكانیشی دەگۆڕێن و شێوەی جیاواز و هەمەجۆر وەردەگرن. ئەمەش ئەوە دەردەخات كە شیعر یەكێكە لە سەرچاوەكانی نوی بوونەوەی زمان، چونكە زمان پیویستی بە بوژانەوەیەكی بەردەوام هەیە بۆئەوەی وشك نەبیتەوە و نەزۆك نەبیت و شیعریش ئەو سەرچاوە سەرەكییەیە زمان دەپاریزیت و نویی دەكاتەوە.(پەریز سابیر، ٢٠٠٦، ٢٨٤) زمان لای خەلك هۆیەكە بۆ پەیوەندیكردن ، بەلام لە شیعردا سروشتیكی تایبەتی وەردەگریت و ئەركی شاعیر بەرزكردنەوەی ئەو زمانەیە. واتە لە ریگای بەهرەی تایبەتی خۆیەوە لە كاریگەرترین شیوەدا ریكی بخات و چەند بە توانا بیت لە خولقاندنی زمانی تایبەتیدا ئەوەندە زیاتر داهینانی دەبیت.

**زمانی جەستە:**

زمانی مرۆڤ لە ڕێگەی كەرەستەكانەوە هەمیشە دوورەكانی بۆ نزیك دەكەنەوە و بەهانایانەوە دێن تاكو باشتر لە شتەكان بگەن و دركیان پێ بكەن و هەم لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە خواست و ئارەزوو دەگەیەنێت. ئەم جۆرەش لە پەیوەندی زمان وەردەگێڕێتە سەر زمانێكی تر، كە دەنگ و بەكاربردنی بایۆلۆژی زمان تیایدا ڕۆل نابینێ ، بەڵكو كۆمەڵێ ئاماژەو هێما و جولە ماناكان دێن و دەبەن ، ئەم جۆرە پەیوەندییە بە (زمانی جەستە) دەناسرێت(محمد تەها: ٢٠١٣، ٣٥) زانای ئەمریكی (ئەلبێرت مێهرابین) لە دوای لێكۆڵینەوە زانستییەكەی گەیشتە ئەو ڕاستییەی كە (لە سەدا حەوتی مرۆڤ بە وشەكانەوە و لە سەدا سی و هەشتی بە ئاوازی دەنگی و لە سەدا پەنجاو پێنچی بە زمانی جەستە پەیوەندییەكانیان ئەنجام دەدەن)(ئالن بیز، ٢٠١٤، ٧)زمانی جەستە ئەو زمانەیە لەگەڵ ئاخاوتن بەكاری دەهێنین. كاتێك قسەدەكەین چاو و دەست و سەر...دەجوڵێنین و هەر جولەیەك مانایەك دەبەخشێت یاخود لەپاڵ هێما زمانییەكە واتاكە زیاتر ڕوون دەكاتەوە. هەروەها لە ڕێگەی بەكارهێنانی زمانی جەستەیی هەندێك زانیاری كەسیت بۆ ڕوون دەبێتەوە وەك شەرم و ترس و دڵەڕاوكێ. واتە ئەندامانی ئاخاوتن بەكاردێنین بۆ دەربڕین لە ناخمان، بەڵام بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی لە ناخمانە هەموو جەستە بەكاردێنین. هەروەها لە ڕێگەی زمانی جەستەوە دەتوانین هەست بە ڕاستگۆیی و نا ڕاستی دەربڕینی كەسەكە بكەین، چونكە جەستەی كەسەكە ئەوە ئاشكرا دەكات كە ئایا لە قسەكردندا ڕاستگۆیە یان نا( ئەم كۆدە نازمانیانە دەتوانێ تەواوكەری زمان بێت، یا بەتەنیا هەڵگری پەیام بێت)(نادر جهانگیر،١٣٧٨، ٣٧) بۆ جەستە زمانێكی تایبەتی هەیە كە دەربڕی بیروڕاو نیازەكانیەتی و زۆرجار كەسایەتی كەسەكانە. هەموو جولەیەك واتایەك دەبەخشێت، كە زۆرجار لە وشە ماناكەی قوڵترە.

**ڕۆڵی زمانی جەستە لە شیعردا:**

زمانی جەستە دەورێکی باڵای هەیە لە زمانی شیعردا بەتایبەتیش لە شیعرە غەزەلییەکان چونکە لەم کاتانە شاعیر زیاتر بۆ دەربڕینی ناخی یاخود بۆ وەسفکردنی کەسی بەرانبەری پەنا دەباتە بەر زمانی جەستە. تەنها بۆ وەسفکردنی بەرانبەر نییە بەڵکو زۆر جار بۆ دەربڕینی هەست و خۆشەویستی یان ڕاستگۆیی و نا ڕاستیش پەنا دەباتە بەر زمانی جەستە، چونکە زۆر جار وشەکان بەتەنها ناتوانن بە جوانی یاخود بە تەواوی دەربڕی ناخیان بن بۆیە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە زمانی جەستە بەکاردەهێنن.

هەروەک پێشتر ئامازەمان پێدا زمانی جەستە زیاتر لە شیعرە غەزەلییەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە شیعری غەزەلی زیاتر باس لە لەشولاری ڕەگەزی بەرانبەر دەکات. وەك ئاشکرایە شاعیر زیاتر خوو بە جەستەوە دەگرێت. هەربۆیە جوانی ڕووکەشی بەلاوە پەسندە، بەتایبەتیش لە وێنەی غەزەلدا. ئەم ڕووکەشەش یەکەمین هەنگاوە کە ئاماژەکانی لاشە دەردەخات. چونکە جەستە زمانحاڵی خاوەنەکەیەتی و بەبێ قسە گوزارشت لەخۆی دەکات لە ڕێگەی چاو و دەم و دەست و ڕۆیشتنەوە، کە بەبێ وشە کەسی بەرانبەر تێدەگەیەنێت. بەو پێیەش زمانی جەستە مانا و کاریگەری زیاتری هەیە لە زمانی ئاخاوتن و نوسین کە هەندێ جار توانای تێگەیاندنی بەرانبەریان نییە.

**ئاماژە جەستەییەکان:**

ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی جەستە بەشداریان لە زمانی جەستەدا هەیە. جولەی ئەندامانی لەش دەوری سەرەکییان هەیە لەو پەیوەندییەدا کە بە زمانی جەستە ناسراوە. زۆر لەو ئەندامانە بە تەنیاش دەور دەبینن. تەنانەت هەر ئەندامێك بە پێی جولەکانی زیاتر لە پەیامێك دەگەیەنێ، ئەو ئەندامانەی کە بەشداری کارایان هەیە لە زمانی جەستە بریتیین لە:

1 - **حالاتی ڕوخسار:**

ڕوخسار بەیەکێك لە هەرە چالاکترین بەشەکان دەژمێردرێت، کە بەشداری لە پەیوەندیکردنی مرۆڤدا دەکات، ئەمەش چەندین تایبەتمەندی دەگرێتەوە وەك: جولەی چاو، برۆ، لێو....هتد، کەواتە حالاتی ڕوخسار سەرچاوەی زانیارییە. هەرەگرنگترین بەشەکانی ڕوخسار (چاوەکانە) سەرەرای ئەوەش وەك هەموو ئەندامەکانی تری جەستەی مرۆڤ (چاوەکان) بەشداری لە گواستنەوەی پەیامی جۆراوجۆردا دەکەن.(شنە ئەبوبەکر، ٢٠٠٨، ٦٤) هەر بۆیە روخسار کاراترین بەشی جەستەیە، چونکە زۆربەی هەستەکانی لەسەر ڕوخسار ڕەنگدانەوەیان دەبێت وەك هەستی خۆشی یا ناخۆشی و دڵەڕاوکێ و دڵتوندی و سەرسورمان و چەندین هەستی تر کە بەروخسارەوە دیارە ئەم کەسە هەست بەچی دەکات، واتە ڕەنگدانەوەی ناخی تاکەکانە بێ ئەوەی هێما زمانییەکانی بەکار بێنین. جگە لەمانە هەر جولەیەکیش لە ئەندامەکانی روخسار واتای تایبەتی هەیە.

2 - **چاو:** جۆری ڕوانین و جولەی جیاوازی چاو هەڵگری چەندین پەیامن، چاو تروکاندن یان نەتروکاندن، هەردوکیان واتای تایبەتی خۆی هەیە. داخستنی چاو بە مانای حەزنەکردن لە ڕووداوێکە لەبەرچاومان ڕوودەدات، جاری واش هەیە بێ ئەوەی بمانەوێ دەنگێکی ناخۆش یا جولەیەکی مەترسیدار لەبەر چاومان ڕوودەدات، بێئەوەی بۆخۆمان بڕیارمان دابێ چاومان دادەخەین.

داخستنی چاو واتای چوونە جیهانی دەرەوە و جاری واش بۆ حەسانەوە و ئارامییە.جولەیەکی چاو، کە داگرتنی یەکێك لە چاوەکان بە واتای ئۆکەی دێت، هەڵتەکاندنی چاویش وەك دژایەتیکردن یا وەڵامی نەرێنی وەردەگیرێ. کردنەوەی چاو و گرژکردنی بە واتای توڕەیی و نارەزایی وەردەگیرێت. بە گەشانەوەی بیلبیلەی چاو و گەورە دەرکەوتنی مانای دلخۆش بوون

و بەختەوەریەتی و بە گرژی چاوەکانیش لەکاتی قسەکردنی لەگەڵ بەرانبەردا دەردەکەێ کە شتێکی بیستووە بڕوای پێناکات.(ئالن بیز، ٢٠١٥، ٨٢).

3 - **برۆ**: دەکرێ برۆ نیشانەی چەندین هەست بێت و بۆ ڕاڤەکردنی ئەم ئاماژەیە پێویستە سەرنجی کۆمەڵێ ئاماژەی تر بدەین. وەکو دەربڕینەکانی هەردوو چاو ئەوەش تا ڕاڤەکەمان تەواو بێت. نمونەش بۆ ئەمە ڕەنگە کەسێك کاتێك تووڕە ببێت برۆکانی زیاتر کرژ بێت لەوەی کەکەسێك نیگەران بێت،ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. ئەو هەستانەی کە برۆی کرژ ئاماژەی پێدەکات بریتین لە توڕەیی و نیگەرانی سەرگەردانی و بیرکردنەوەی قوڵ(گەیس و گرۆس، ٢٠١٥، ٩٠)

4 - **لێو**: جگە لەوەی دەتوانێ بەتەنیا پەیامی تایبەت بگەیەنێ، لەگەڵ دەستیشدا هاوبەشی دەکا لەگەیاندنی پەیامدا. یەکێك لە گرنگترین بەشداریەکانی لێو لە زمانی جەستەدا پێکەنینە. پێکەنینیش چەندین جۆری هەیە.هەر لە بزەوە تا دەگاتە قاقا و پێکەنین بە دەنگی بەرز. زۆر جاریش پێکەنینەکە جۆرێك واتای نەرێنی تێدایە. واتە پێکەنین نەك بۆ خۆشی و ڕەزامەندی، بەڵکو وەك گاڵتە و سووکایەتی بە قسەی بەرانبەر.

لەرینەوەی لێو لەکاتی ترس و توورەیی دا نیشاندەری ترس و دڵەراوکێی خاوەنەکەیەتی. هەروەها مرۆڤ زۆرجار لێوی خۆی دەگەزێ ئەمەش نیشانەی پەیبردنی لەناکاو بە شتێکە، جاری واشە پەشیمانی دەگەیەنێ. بەڵام هەندێ جار بە بەشداری لەگەڵ ئەندامێکی تر واتا دەدات وەکو داواکردنی بێدەنگی. ئەمە لە ڕێگای جوولەی هاوبەشی دەست و لێو دەبێت.

5 - **دەستەکان**: دەستەکان هاوبەشی لە ژمارەیەکی زۆری ئەو جولانەدا هەیە. کە پەیامیان تێدایە و واتا دارن توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو مرۆڤانەی وزە و تین و گوڕیان زۆرە لە کاتی ئاخاوتندا بەردەوام دەستیان دەجولێنن. بە پێچەوانەوە ئەوانەی کەمتر دەستیان دەجولێنن پتر پشت بە لۆژیك و ڕاڤەکردن دەبەستن.ئەوانەی زێدەڕۆیی دەکەن لە جولەی دەستیان لەکاتی قسەکردن لەبەرچاوی بەرانبەرەکەیان لاواز دێنە بەرچاو، واتە کاریگەریان لەسەر بەرانبەرەکەیان کەمترە. (تێك ئاڵانی هەردوو دەستەکان لەسەر سنگ بە واتای خۆ بەدوورگرتن و پارێزگاری دێت. ڕاگرتنی پەنجەی شەهادە لە تەنیشتی سەر و نزیك چاو و نوقاندنی پەنجەکانی تر، بەواتای قووڵ بوونەوە لە شتێك یان چارەسەری کێشەیەك دێت، یاخود ڕاگرتنی پەنجەی شەهادە لە تەنیشت ڕوو لەگەڵ دانانی چەناگە لەسەر پەنجەکانی تر ئاماژە بە ڕەخنەگرتن دێت.)(شنە ئەبو بەکر، ٢٠٠٨، ٨١).

### بەشی دووەم: ئاماژە جەستەییەکان لە شیعرەکانی نالی دا:

ئەو ئاماژە جەستەییانەی مرۆڤ دەریدەبڕێت هەندێکیان خۆویستن و هەندێکیان خۆنەویستن. ئاماژە خۆویستەکانیش بونەتە نەریتێك کە زۆرجار لەگەڵ ئاخاوتن بەکاریان دێنین و لەوانەیە نەتوانین ڕێگە لە ئاماژە خۆویستەکانیش بگرین تاکو بەکارینەهێنین چونکە هەروەکو وتمان بووەتە نەریتێك و لێمان جیا نابێتەوە. ڕەنگە ئەنجامدانی ئاماژە خۆنەویستەکان قورستر بێت، هەروەها دەربڕینیان نیشانەی ئەوەیە کە بەبێ مەبەست و بەبێ ئاگا ڕوو دەدات، چونکە لە میانیاندا ڕاستی ناخی خۆمان دەردەخەین(گەیس و گرۆس، ٢٠١٥، ٧٧) ڕەفتارەکانی مرۆڤ هەندێکیان بە ویست و ئارەزووی واتە لە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤ

خۆیاندان و لێیان بە ئاگایە، (هەست) لە ئەنجامدان و نەدانیان بەرپرسیارە. هەندێکیتر خۆنەویستن و لە ژێر کۆنترۆڵی (نەست) دان. هەندێ جولەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ هەن کە تایبەتن بە تاکەکان خۆیانەوە، یان لە ئەنجامی کرداری فسیۆلۆجی روودەدات ولە ژێر کۆنترۆڵی تاك دانین. بۆ نموونە هەندێ کەس زیاد لە پێویست چاو دەتروکێنی یان دەکەنەوە. یان شانیان جولەیەکی خۆنەویست دەکات. یان جولەیەك لە ئەنجامی کرژبوونی ماسولکەکانی دەموچاو روودەدات. ئەمانە خۆ ویست نین بەڵکو بەشێکن لە رەفتاری تاك و لەوانەشە هۆکارێکی دەرونیان لە پشتەوە بێت.(هێمن عبدولعەمید شەمس، ٢٠٠٦، ٥١)لە شیعرەکانی نالیش ژمارەیەکی زۆر ئاماژە جەستەییەکان بەرچاو دەکەوێت هەربەکەو مەبەستێك دەپێکێت بەتایبەتی لە شیعرە دڵدارییەکان زمانی جەستە زۆر بەکار هاتووە. ئەمەش لێهاتوویی و بەتوانایی شاعیر دەردەخات.

1 - **رووخسار**:ئاشکرایە زمانی جەستە کەسایەتی ناوەوەی مرۆڤ دەردەخات و یەکێك لەم بەشە گرنگانە رووخسارە، کە کاریگەری هەیە لەسەر پیشاندانی ناخی کەسەکان چونکە(زۆر جار روخسار یەکەم بەشە لە جەستەی کەسێکدا تێبینی بکەین و تارادەیەك کەسەکان بناسین، چونکە چاوەکان لە خۆ دەگرێ کە بریتین لە ئاوێنەی هەستەکانمان. هەروەها ئەو بەشە زۆرترین دەربرینی هەیە لە جەستە، بەڵام هەندێ جار دەربرینەکانی دەموچاو هەموو شتێکمان بۆ دەرناخات یان مانایەکی هەڵەمان پێ دەدات. بۆیە پێویستە سەیری شوێنێکی تر بکەین بۆ گەڕان بەدوای حاڵەتی هەستی کەسەکە)(کەیس و گراس، ٢٠١٥، ٨١)

**گەرئاب و تابی جەننەتی یو دۆزەخیت دەوێ**

**بنوارە نێو چەوانی بە شوش و برۆی عەبوس(لا٢٤٠)**

لێرە ئاماژە بە کەسانی بەهەشتی و کەسانی جەهەنەمی دەکات کە لە رێی نێو چەوانیانەوە دیارە، ئەگەر نێوچەوانی کەسەکە رووخۆش بوو ئەو کەسە کەسێکی بەهەشتییە، بەڵام کەسە جەهەننەمییەکان نێو چەوانیان گرژ دەکەن و هەر لە رووخساریان دیارە کە جەهەننەمین. واتە بەهەمان شێوە ئاماژەی جەستەی بەکار هێناوە کە لە نێوچەوانی مرۆڤەکان دیاردەکەوێت کە خەڵکی بەهەشتین یان جەهەننەمی.

**کە هاتی تێغی بێزاریت لەسەردام**

**سەری خۆم خود بە خود هەڵگرت و رۆییم(لا٣١٢)**

شاعیر زۆر بەجوانی لەم دێرەش ئامازە جەستەیی بەکارهێناوە و لە رووخساری ئامازەی بە بێزاری داوە بە بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی و نالی دەڵێ مە تۆ هاتی بۆ لام و لە جیاتی دڵ دانەوە و دڵ شاد کردن، تیغی تورەییت دا لەسەرم، منیش لەداخان سەری خۆم هەڵگرت و رۆیشتم.

**بە ضاهیرگەرمەگەس دارە، بە باطین صەد چەمەن زارە**

**بە صورەت یەك بە یەك خارە، بە مەعنا صەد گولوستانە (لا٤٩٣)**

شاعیر لێرەباس لەوە دەکات و دەڵێت هەرچەندە بە رواڵەت وەکو مێش و مەگەز دیارە، بەڵام لەناخەوە جێگای سەوزاییە، هەروەها بە رووخسار وەکو درکە، بەڵام خۆی سەد گولستانە. لەم دێرە تابلۆیەکی زۆر جوانی داتاشیوە خۆی راستە باس لە

ڕووخسار دەكات، بەڵام مەبەستی لە ڕێگای مەككەیە بەدیمەن خاوێن نییە و پڕە لە مێش، بەڵام لە ڕاستیدا شوێنی گوڵ و گوڵزارە، و هەرچەند مرۆڤ كە سەیری دەكا هەر دڕك ئەبینێ، كەچی خۆی بەقەد سەد باخچە خۆش و جوانە.

2 - **زمانی چاو**: گوزارشت كردن بە چاو بە گرنگترین شێوەی پەیوەندیكردن دادەنرێت بۆ گەیاندنی پەیام، چونكە دەتوانێت زۆر بابەتی ورد و ناسك و چەندین پەیام بگوازێتەوە. چاوەكانی مرۆڤ خاوەن زمانێكی تایبەتن دەتوانێت ( پێكەنین، تووڕەیی، ماندوێتی، شلەژاوی، دلخۆشی....) و چەندین چەمكی تر پیشان بدەن.. لەبەر ئەوە مرۆڤ بە چاوەكانی گوزارشت لە خۆشەویستی و ڕق و كینە دەكات. چاوەكانی مرۆڤ وەكو زمان گفتوگۆ دەكەن، بەڵام جیاوازی لەگەڵ زمان ئەوەیە كە پێویستی بە فەرهەنگ نییە. بۆیە لە زمانی شیعریدا زۆر جار چاو بەكار دێت بۆ چەندین مەبەستی جیا جیا ئەمەش دەكەوێتە سەر لێهاتوویی و توانای شاعیرەكە، نالیش یەكێكە لەو شاعیرانەی لەناو شیعرەكانی بەتایبەتی شیعرە غەزەلیەكان چەندین ئەندامی جەستەی بەكار هێناوە، واتە زۆر بەسەركەوتوانە و زانایانە زمانی جەستەی بەكار هێناوە لە شیعرەكانی و لەچەندین شیعریش ئاماژەی بە چاو كردووە و بەكارهێناوە وەكو:

**گوتم : ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟**

**برۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی (لا) یەعنی کە بێ زارم(لا٢٧١)**

لەم دێرە شیعر نالی زۆر بە ڕوونی ئاماژە جەستەیی بەكارهێناوە كە دەڵێت برۆی وەک شكلی (لا) لێكرد واتە ئاماژەیە بۆ نەخێر و بێ ئەوەی بە قسە وەڵامی بداتەوە تەنها بە برۆ وەڵامی دەداتەوە كەوا لێی ناپرسی، واتە بە برۆ هێنانە یەكی پێی ڕاگەیاند كە بێزار و وەڕەسە لێی و وەڵامی ناداتەوە.

**باری غەمی جان ئەبرووەتی تیروکەمان کرد**

**یەعنی قەدەکەی ئەلفی منە ئیستە کە دالم(لا٢٨٧)**

لیرەش ئاماژە بە برۆی یار دەكات كە ئێستا بە شێوەی كەوانە ئامازەیە بۆ ئەوەی برۆی پێشتر ڕێك و ڕاست بوو، بەڵام ئێستا چەماوەتەوە و بووە بە شێوەی كەوان لە ئەنجامی خەم و خەفەت وای بەسەر هاتووە، واتە باری خەمی سەر دڵ و دەروونە وا برۆی كردووە بە كەوان، وەک بڵێی برۆی وەک باڵای جارانی من وەک ئەلف بوو كە ئێستا چەمیتەوە و بووە بە دال.

**لە خەو هەڵساوە، یا ئاڵۆزە چاوت؟**

**هەمیشە وایە، یا مەخمورە، ئەمشەو؟(لا٣٨٩)**

شاعیر زۆر بەجوانی ئاماژە جەستەیی بەكارهێناوە لەم دێرە شیعرەش، چونكە باس لە ئاڵۆزی چاوی یار دەكات كەوا بەم شێوەیە و دەپرسێت هەر خۆی وایە و بەردەوام ئاڵۆزە یان توڕەیت و ئاگر لە چاوانت دەبارێ.پرسیار لە یارەكەی دەكات ئاخۆ لەخەو هەڵساوە چاوی بەم شێوەیە یان لە توڕەییان چاوی وای لێهاتووە.

**ئیشارەم کردە ئەبرۆی، یەعنی: میحرابت کەچە، فەرموی:**

**ئەمە قیبلەی تەمامی عالەمە، جێی جیلوە ئیمامە(لا٤٧١)**

شاعیر لەم دێرە شیعرەش ئاماژە جەستەیی بەکارهێناوە بەهۆی برۆی یارەکەیەوە، واتە شاعیر ئیشارەتی بۆ برۆی یار کردووە و پێم ڕاگەیاندووە کە برۆکانی لارن، ئەویش وەلامی داوەتەوەو وتوویەتی ڕاستە برۆکانم لارن ،بەڵام قیبلەی ڕاستەقینەی هەموو خەڵکی جیهانە. جێی دەرکەوتنی ئیشارەتدانمە بۆ دڵداران، کە ئیشارەت بۆ یەکێکیان بکەم لە برۆمەوە دەرئەکەوێ.

**دەرحەقی من زەهرو سرکە فرۆشە بە برۆ**

**دەرحەقی غەیری ئەمن غەیری شەکەرخەندی نییە (لا٤٩٣)**

لەم دیرە شیعرە ئاماژە بە ڕووخساری یار دەکات کە بەرانبەر بەو توورەیە و بە ڕووی گرژە وە سەیری دەکا. کەچی لەگەڵ خەڵکی تریشدا لە پێکەنینی ڕووخۆشانە زیاتر هیچی تری نییە. بە ڕووی ئەو سرکە فرۆشە واتە برۆی لەیەک داوە. کە ئاماژەیە بە توورەبوون.

**ئەو چاوە کە هەڵدێنێ، صەد عەربەدە دەنوێنێ**

**هەر روحە کە بستێنێ، لەم غەمزە دوبارەت چی (لا٧٤٢)**

لێرەش ئاماژە بە چاوی یار دەکات کە بەچاو هەڵهێنانی کارێک ئەکات بە صەد بەدمەستی کردنی ئینسانێکی سەرخۆش نەکرێ.... هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، کە بە چاو هەڵهێنانی یار تەنها گیانی هەیە کە بەم چاو هەڵهێنانەی گیانی دەرئەچێ. بۆیە پێویستی بە غەمزەی دوبارە پاش چاو هەڵهێنانەکەت ناکات و لەپای چییە.

**شەمعی بەزمی من کەوا سوتاوە، زەرد و ئەشك ڕێژ**

**قەت نییە فەردێك نەڵێ رەنگی مەزاری گرتووە (٥٤٢)**

لەم بەیتە شیعرییە چاوی خۆی بە مۆم چواندووە و دەڵێ مۆمی بەزم ڕازێنەرەوەی من کە چاومە، سوتاوە و زەرد هەڵگەڕاوە و فرمێسك ئەڕێژێ، کە دڵۆپەی مۆمە تواوەکەیە، ئەوەندە کپ و بێ دەنگە و بێ دەنگ بۆ خۆی ئەگری، کەس نییە نەڵێ ڕەنگی گۆڕستانی لێ نیشتووە، واتە بەهۆی خەم و خەفەتەوە چاوی وەکو خۆی نەماوە و هەرکەسێک چاوەکانی ببینێ دەزانی خەمی هەیە و گەشاوە نییە.

3 - **دەم و لێو:** بێگومان هەموو جولەیەکی دەم و لێو واتایەك دەبەخشێ. بۆیە دەبینین شاعیرەکانیش زۆرجار ئەم ئاماژە جەستەییانە بەکاردێنن، بەڵام لەباسکردنی دەم و لێو زۆربەی جار باس لە دەمو لێوی یار دەکەن، کە چەند سەرنج ڕاکێشە. یاخود لە شیعرە غەزەلیەکان زیاتر بەسەر بەژن و باڵاو جوانی ڕوخساری یار هەڵدەگوترێ لەوانە باس لە جوانی دەمولێوی یاریش دەکرێ.

**دەم دەم کە دەکا زاری پر ئازاری بە غونچە**

**بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا(لا٨٤)**

لەم دێرە دەڵێت کە یار جارو بار دەمی ئازاردەری خۆی ئەکا بە خونچەی نەپشکوت و قەتی ئەکاتەوە، بەم کردارەی وەڵامی دڵدارەکانی ئەداتەوە کە داوای ماچی لێئەکەن و ئەم بە خونچە کردنەی دەمی واتای ئەوەیە کە ماچی دەمی نادا، واتە کە دەمی بۆیەکتر دێنێتەوە ئاماژەیە بۆئەوەی کەوا وەڵام بێت بۆ دڵدار کەوا ماچی دەمی نادات.

هەروەها لە دێرێکی تر دەڵێت:

**گوڵبە دەم بادی صەباوە پێکەنی یەعنی وەرە**

**تۆ لە وەصڵم بۆ بەرە، ئەو بۆیە بولبول شین دەکا(لا١١٣)**

کە گوڵ بە دەم باوە پێکەنیوە ئاماژەیە بۆئەوەی یارەکەی بە دەم کەسێکیتر پێکەنیوە و لەگەڵ یەکێکیتر گفت و پەیمانی هەیە، بۆیە ئەویش لە داخا کەوتە گریان و شین و خەفەتی زۆری خواردووە لەوەی خۆشەویستی بەدەم کەسێکیتر پێکەنیوە.

هەروەها لە دێرەکیتریش دەڵێت:

**لێوی تۆ ئاوی بەقا، من خضرم**

**فەیضی تۆ رەحمەت و، من سەوزە گیا(لا١٢٥)**

لەم دێرە لەگەڵ یارەکەی دەدوێ و دەڵێ لێوت وەکو کانی ئاوی حەیاتە، منیش خدری زیندەم و لەم ئاوەم خواردۆتەوە بەمە هەرگیز نامرم.هەروەها میهرەبانی تۆ لەگەڵ من بارانی رەحمەتە و منیش سەوزە گیای روواوی ئەم بارانی رەحمەتەم. واتە ئاماژە بە لێوی یار دەکات، کە ئەم لێوە ئەکەر ماچی بکات هەتا هەتا نامرێت و وەک ئاوی بەقایە و بەهۆی ئەم لێوەی خۆشەویستەکەی هەرگیز نامرێت.

- **چەندین شیعری هەیە کە زیاتر لە ئەندامێکی جەستەی تیا بەکارهێناوە:** ئەو شیعرانەی کە زیاتر لە ئەندامیکی جەستەی بەکارهیناوە و وێنەی زۆر جوانی پێ کێشاوە کە بە هۆیانەوە زیاتر سەرنجی خوێنەران ڕائەکێشێت واتە بەهۆی ئەم لەوحە جوانانەی دروستی کردووە لە هێما زمانی و نازمانییەکان بەیەکەوە وەکو:

**چاوت لە برۆ یەعنی لە زێر طاقی نەضارەت**

**بێ پەردە عەیان دێتە تەکەللوم بە ئیشارەت**

**شایستەی شان، لایقی مل طوررەیی تۆیە**

**نەک طوررەیی شاهنشەهی یو طەوقی وەزارەت(لا١٤٤)**

لەم دێرەش شاعیر ئاماژەی جەستەیی بەکارهێناوە کە باس لە چاوی یار دەکات لەژێر تاقی وەزیریدا کە برۆیتی، بە ئیشارەت دێتە قسەکردن و دەڵێ زولفت شایانی شان و ملی تۆیە، لەکاتی بڵاویدا شانت داپۆشێ و لەکاتی لولیشدا لە ملت بئاڵێ، نەک نیشانەی شاهەنشایی و ملوانکەی وەزیری کە لە ئاستی زولفتدا هیچ بایەخێکیان نییە. واتە چاوی بە ئیشارەت قسەدەکات بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا لەژێر تاقی برۆی.

**برۆت هەرچین وپەرچەم چین لەسەرچین**

**ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟ (لا٣٤٧)**

شاعیر لەم دێرە شیعرە لە کۆکردنەوەی ئەم چینانە ئاماژە جەستەیی بەکارهێناوە، چونکە هەر چینە و ئاماژەیەکە. واتە برۆت شارێکی چین و ، پەرچەمت شارێکی تری چین ، مادام لای خۆمان ئەم هەموو شاری چینە هەبێ، ئیتر بۆچی بچین بۆ چین.

**زولف ئەگەردوکەڵە، دوکەڵ بەری گوڵناری نییە**

**سەروە گەرقامەتی، کەی سەروی رەوان بارەوەرە؟(لا٤١٣)**

واتە ئەگەر بڵێن زولفی یار لەبەر رەشی و باریکی تاڵەکانی دوکەڵە، خۆ دوکەڵ بەری گوڵهەنار ناگرێ، کەچی زولفی یار بەری گوڵهەناری هەیە کە روومەتی سوریەتی. خۆ ئەگەر بشڵێن سەروە ؟ کەی سەرو باری میوە هەڵئەگرێ‌کە مەمکەکانی یارە بە داری باڵایەوەن.

**پەچەیی پەرچەمی یو، پرچی سیا**

**هەردەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا (لا١٢٤)**

واتە پەرچەم و پرچی رەشی یار کە بونەتە پەچە بەسەر رویەوە، لەگەڵ گوڵمی جوان و ورشە داریا ئەڵێی مانگە شەوە.یاخود گوڵمەکەی ئەوەندە جوانە وەکو مانگە شەوە کە لەناو تاریکایی شەوە بەدەر ئەکەوێ.

**سیلاحی پەرچەمی پرخەم ئەگەرتارە ئەگەرمارە**

**برۆ وغەمزەی کەوان وتیرئەگەرهەودا وئەگەرمەودا (لا٨٨)**

لەم دێرە شیعرییەش چەندین ئەندامی بەکار هێناوەو وێنەیەکی زۆر جوانی کێشاوە کە دەڵێ چەکی زولی لولی یار کاریگەر و ترسێنەرە، چ ئەگەر لەبەر رەشی و تاریکی بێ و چ لەبەر پێچ و لولی بێ. برۆی وەك کەوان وئیشارەتی چاوی وەك تیریشی هەر کاریگەرن چ لەبەر باریکی بێ یا لەبەر تیژی.(عبدالكريم مدرس: ١٣٨٣: ٨٨)

**گوررەت وەکو تۆماری شکستەو، سەری کوڵمت**

**بۆنوری سەوادم بووەتە شەمعی موتاڵا**

**ئەو چاوە غەزالە فەتەراتی سەرو ماڵە**

**ئەو نەرکسە کاڵە نە منی هێشت ونە کاڵا(لا١١٧)**

واتە زولفی ڕەشی پێچ پێچت تۆماری نامەی بە خەتی شکستە نوسراوە، کە هەموو کەس سەری لێ دەرناچێ. سەری کوڵمیشت وەك مۆمی داگیرساو وایە من لەبەر ئەو مۆمەدا بەرچاوی خۆم ڕۆشن ئەکەمەوە و تۆماری زولفت ئەکەمەوە و ئەیخوێنمەوە و لە جوانی پر مەعنایەکەی ئەگەم. هەروەها چاوی یار لەو ڕووەوە کە لە گەورەییدا وەك چاوی ئاسك وایە، هۆی لەناو چونی سەر و ماڵی دڵدارە. لەو ڕووەشەوە کە لە مەستیدا وەك نێرگسی کاڵ وایە، خۆم و هەرچیم هەیە هەمووی لەناو برد.(عبدالکریم مدرس، ١٣٨٣، ١١٧)

- **ئاماژە جەستەییەکان بەهۆی دەنگەکانەوە لە شیعری نالی:**

کردەی گەیاندن بە شێوەی نا گوتەیی تەنها بەهۆی ئەندامانی جەستەوە نییە ،بەڵکو بەهۆی جل و بەرگ وشێوەی دانیشتن و ڕۆیشتن و بەرز و نزمی دەنگەکانیشەوە دەبێت، چونکە گۆڕینی هێز و ئاوازەش دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا یاخود دەنگەکانی وەکو گریان و پێکەنین و خەندە و بزە کردن ...کە هەریەکەو واتای تایبەتی هەیە نالی لەمانەش زۆر بە لێزانی ئەسپی خۆی تاوداوە و لە بەکارهێنانی ئەمانەش سەرکەوتوو بووە وەکو ئەم نمونانەی خوارەوە:

**سوروشکم ئاب و دانەی نارە، کێ دی:**

**بە گەرمی داوەڕێ بەم گەرزە تەرزە؟!(لا٤٤٨)**

لێرە باس لە فرمێسکی دەکات کە نیشانەی خەم و ناخۆشی وگریانە دەڵێت: فرمێسکم خۆی ئاوە، بەڵام کە دێتە خوار هەر دڵۆپێکی ئەوەندە گەرمە دەڵێی ئاگرە، یاخود سور و خوێنینە وەك دەنگە هەنار. پاشان ئەمەیی و ئەبێتە تەرزە. زۆر سەیرە کێ بینیویەتی تەرزە بەم جۆرە بە گەرمی بباریێ؟ کێ دیویەتی شتێك لەیەك کات هەم سپی بێ و هەم سور! هەم ئاو بێ و هەم ئاگر! هەم گەرم بێ و هەم سارد! هەم شل بێ و بڕوا هەم مەییێ و بەستبێتی!

**گریان هەمو رەشاوە لەبەر ئاهی دود رەنگ**

**موژگان بووە بە خامەوو، دیدەبە مەحبەرە(لا٤٤٦)**

واتە دوکەڵی هەناسەی خەڵکی مەینەتی(مەبەست لە دوا ڕۆژە)، ئاسمان و زەوی گرتۆتەوە و بەهۆی ئەوەوە خەڵکیش ،کە ئەگرین ڕەشاو لەچاویان دێتە خوار، بۆ یە فرمێسك ئەبێ بە مەرەکەب و، برژانگیش ئەبێ بە قەڵەم و چاویش ئەبێ بە شوشەی مەرەکەب.

**دەنگی فوغان و جۆش و خرۆشی جەمیعی خەڵق**

**گوێ لێرە دەیبیێ، کە لەوێ گوێ هەمو کەرە(لا٤٣٨)**

لێرەش هەر باس لە رۆژی قیامەت ئەکات کە ڕۆژێکی ئەوەندە سەختە، هەرکەسێ تیا گرفتاری دەردی خۆیەتی و کەس لەبەر مەینەتی خۆی ئاگای لەکەس نەماوە و گوێی لە هاوار و فوغانی کەسی تر نییە، کەچی لێرەوە دەنگی گریان و هاواریان ئەبیسترێ.

**من گریە، ئەتۆ خەندە بەیەکدی دەفرۆشین**

**من لەعلی بەدەخشان و، ئەتۆ لوئلوئی لالا(لا١١٥)**

من گریان بە تۆ ئەفرۆشم و فرمێسکی خوێنینی خۆمت ئەدەمێ و تۆش لە جیاتی پێکەنینم پێ ئەفرۆشی گاڵتەت بە ڕازی خۆشەویستیەکەی من دێ و مرواری و ڕیزی دانە سپیەکانتم پیشان ئەدەی.(ملا عبدالكريم مدرس، ١٣٨٣، ١١٥)

**تێزاوی سوروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە**

**روخسارەیی زەردم وەکو ئەوراقی خەزانە(لا ٤٧٩)**

فرمێسکی سوێر و تێژم وەکو تێزاب ئەڵێی ئێکسیری ئەستێرەی سوهەیلە. واتە ئەو فرمێسکانەم وەکو مانگی سوهەیل، کە نیشانەی پایزە گەڵا و گوڵ دەست دەکەن بە وەرین.روخساری زەرد هەڵگەڕاویشم ئەڵێی گەڵاداری پایزانە، چۆن ئەستێرەی سوهەیل بۆ گەڵای دار ئەبێ بە ئیکسیرو زەردی ئەکا وەك ئێکسیر زێری بێ گەرد دەربخا، فرمێسکی وەك تێزابیشم ڕوی وەك ژەنگاوی سورم زەرد هەڵئەگەڕێنێ. واتە فرمێسك نیشانەی گریان و ناخۆشی و دڵتوندی دەردەخات، هەروەها باس لە ڕەنگ زەردی خۆی دەکات ئەمەش بە هەمان شێوە نیشانەیە بۆ نەخۆشی و بێ تاقەتی و خەم و خەفەت.

**ئەنجامەکان:**

١. زمانی جەستە یاریدەدەری زمانی ئاخاوتنە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

٢. زمانی جەستە لەگەڵ قسەکردندا تەواوکەرە هەروەها دەتوانێن بە تەنیاش واتادار بێت وپەیامی تایبەتی هەبێت، تەنانەت لە کاتی قسەکردندا ڕەهەندە واتاییەکانی پەیامێك هەندێ جار بە بێ ئاگایانە لە چوارچێوەی جولەی جەستە و جولەی سەر و چاو و برۆ و دەستەکان و حالاتی ڕوخسار و ماوەی نێوان کەسەکان و ڕەفتارە نا زمانییەکانی تر دەگوازرێتەوە. لەبەر ئەم هۆیەیە خوێندنەوەی قسەی کەسێك لەکاتی پەیوەندیکردن بە کەسانیتر بە بەردەوامی لەگەڵ ڕەفتارە نازمانییەکانی ،کە هەموو حالەتە فیزیکییەکانی لەکاتی قسەکردندا هەیە، لەگەڵیەتی.

٣. زمانی جەستە دەورێکی باڵای هەیە لە زمانی نوسین بە تایبەتی شیعر، کە سەرنجی شاعیرانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، چونکە ڕاست و دروستی لە خۆ دەگرێ، لە ڕێگەی زمانی جەستەوە دەتوانین لە ناخی شاعیر بگەین بە تایبەتی دەورێکی باڵای هەیە لە شیعرە غەزەلیەکان.

٤. لای نالیش ئاماژە جەستەییەکان دەورێکی باڵای هەیە، چونکە بە تایبەتی لە شیعرە غەزەلییەکانیدا هەست بە ڕەنگدانەوەی ئاماژە جەستەییەکان دەکەین.

٥. بەكارهێنانی چاو چونكە پێگەیەكی باڵای هەیە لە زمانی جەستە لە شیعری نالیش بە شێوەیەكی بەرچاو دەبینرێت، لە بەكارهێنانەكانیشدا تەنها وەكو ئەندامی جەستە بەكار نەهاتووە ،بەڵكو وەكو شوێن و دەریا و مۆم و بۆ چەندین مەبەستی تریش بەكار هاتووە، بەهۆی چاو و برۆوە چەندین ئاماژە نیشان دەدەرێت.

٦. لێهاتوویی شاعیر لەوەش بەدەر دەكەوێت كە توانیویەتی لەپاڵ زمانی ئاخاوتن لە یەك دێر زیاتر لە ئەندامێك بەكار بێنێت و وێنەیەكی زۆر جوان و پر ماناش دروست بكات، كە ئەمە شارەزایی و توانای شاعیرمان بۆ دەردەخات.

٧. لەپاڵ بەكارهێنانی ئامازە جەستەییەكان دیاردەكانیتریش كە پەیوەستن بە بونی دەنگ وەك پێكەنین و گریان و خەندە... باس دەكات، كە ئەمانەش هەریەكەیان خاوەن واتای تایبەتن و بە بەكار هێنانیان چەندین واتا لەخۆ دەگرێت.

**سەرچاوەكان:**


1 - ئازاد رەمەزان عەلی، بنەما زمانییەكانی دارشتنی هەواڵ لە رۆژنامە كوردییەكان( لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-١٩٩١) ، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٥.

2 - - ئالن بێز، زمانی جەستە، وەرگێرانی دانا نادر محمەد، چاپخانەی كەنج، چاپی دووەم، ٢٠١٥.

3 - ئالن بیز، زمانی جەستە، وەرگێرانی سەلاح سەعدی، چاپخانەی نارین، چاپی یەكەم، ٢٠١٤.

4 - پەری سابیر، رەخنەی ئەدەبی كوردی و مەسەلەكانی نویكردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، ٢٠٠٥.

5 - رێبین رەسول و دیار عەزیز شەریف، ئەنترۆپۆلۆژیا لێكۆڵینەوەی تیۆری، دەزگای چاپ و پەخشی رێبین، هەولێر، ٢٠٠٤.

6 - شیلان عوسمان، كارابونی زمان لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانكۆی بەغدا، ٢٠٠٨.

7 - شنە ئەبوبكر، زمانی جەستە، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٨

8 - عبدالواحید موشیر دزەیی، رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٥.

9 - گۆڤاری ئەنتەرنێت، برترینها، www. bartarinha"http://www.bartarinha.ir/" HYPERLINK. HYPERLINK "http://www.bartarinha.ir/"ir

1 0 - گەیس و گرۆس، زمانی جەستە، وەرگێرانی هێمن ئەحمەد ،چاپخانەی چوار چرا، چاپی یەكەم، ٢٠١٤.

١٠ مەلا عبدالكریم مدرس، دیوانی نالی، ، ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئازەربایجان غەربی، چاپی دووەم، ١٣٨٣ هەتاوی.

١١ نادر جهانگیری، زبان، بازتاب زمان، فرهنگ واندیشە، انتشارات اگاه، ١٣٧٨

١٢ هێمن عەبدول حەمید شەمس، شێواز و دەربڕین لە بۆنە كۆمەڵایەتییەكان، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، ٢٠٠٦.

**سەرچاوە عەرەبییەكان:**

1 - حسن عماد المكاوى، الاعلام و معالجه الازمات، دار المصريه اللبنانيه، قاهره، ٢٠٠٥.

2 - صالح ابو اصبع، الاتصال و لاعلام فى المجتمعات المعاصره، گ٣، دار ارام للدراسات والنشر، عمان، الاردن، ١٩٩٩.

3 - موفق الحمدان، اللغه والعلم النفس، گـبـع بـمـگـا بـع مديريه الكتب الطابعه و النشر، الجامعه الموصل، ١٩٨٢.

**پوختە:**

مرۆڤ دەتوانێت برێكی زۆری زانیاریەكانی لە ڕێگەی پەیوەندیكردنی نا زمانی بگوازێتەوە، كە لە ڕێگەی ئاماژەكانەوەدەتوانێت ئەنجامی بدات، واتە لە ڕێگەی زمانی جەستە و گۆڕینی ئاوازی وشە و ئەو دەنگانەی مەبەستێك بە دەستەوە دەدەن وەك(پێكەنین، گریان..). زمانی جەستە بە شێكە لە زمانەوانی دەروونی و ئەم دەربڕینانەش هەندێكیان بێ ئاگایانە ئەنجام دەدرێن و هەندێكیشیان بە مەبەستن. لە زمانی جەستە پەیامەكان ڕاستگۆیانەتر دەخرێنە ڕوو وەك لە زمانی ئاخاوتن.زمانی جەستە دەورێكی باڵای لە زمانی نوسینیش هەیە بەتایبەتی لە زمانی شیعری ، كە لە شیعرە غەزەلیەكان ئەم ئاماژانە ژمارەیەكی بەرچاو دەبینرێن و شاعیران پەنای بۆ دەبەن بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەكانیان و زیاتر سەرنجراكێشانی خوێنەرانە. نالیش لەم بوارەدا پەنای بۆ زمانی جەستە بردووەو بە لێهاتوویی ئەسپی خۆی تاوداوە. هەر بۆیەش لەم توێژینەوەیە هەوڵمداوە ئاماژە جەستەییەكان لەلای شاعیر دەربخەم و مەبەستەكان ڕوونبكەمەوە.

ناونیشانی توێژینەوەكە: بریتییە لە (ئاماژە جەستەییەكان لە شیعرەكانی نالیدا) و هەوڵمداوەزمانی جەستە لە شیعرەكانی نالیدا بەرجەستە بكەم.

ڕێبازە لێكۆڵینەوەكە (وەسفی شیكارییە) و نموونەكانیش لە شیعرەكانی شاعیر وەرگیراون و شیكردنەوەیان بۆ ئەنجامدراوە.

توێژینەوەكە لە دووبەش پێكدێت: لە بەشی یەكەم كردەی گەیاندن و ڕەگەزەكانی كردەی گەیاندن ، و جۆرەكانی پەیوەندیكردن و پاشان زمانی شیعری ئینجا زمانی جەستە لە شیعر خراوەتە ڕوو، لە بەشی دووەمیش: باسم لە ئاماژە جەستەییەكان لای نالی كردووە سەرەتا ئەوانەی یەك ئاماژە بە یەك ئەندام دەكەن پاشان ئەو دێرانەی زیاترلە ئەندامێك بەكاردێنێت ئینجا ئەوانەی بەهۆی دەنگەكانی وەكو (پێكەنین و خەندە و گریان..)واتاكانیان ڕوونكراتەوە. لەكۆتایش ئەنجامەكان و لیستی سەرچاوە خراوەتە ڕوو.

Abstract:

Human beings can interact through speaking beyond that can interact  through other devices just like body language or intonation just like (laughing and crying……)  So, body language is a part from a psycho language some of them are intentionally made and some are unintentionally. In body language the messages are much more authentic comparing to speaking. Body language has a significant role in writing poems, also in seductive poems. Poets try to use this type of language to attract the readers' attention. In addition to that  Nali also has used the body. For this reason in the study I have tried to analyse the usage of gestures by poets. The title of the research is (gestures in the poems of Nali). I have tried to analyse the body language in his poems. The methodology is (descriptive analysis) and the samples are taken from his poems and analysed. The research consists of two sections:

The first sections is the process of sending and the devices of sending, types of connection that the language of poem and body language in poem are analysed. In the second section Ihave explained those gestures that used by Nali. Many terms has been used such as sounds of langhing, smilling and crying, then the meanings are analysed. At the end results and list of resources are presented.